# ئاوێنەکان

**پێشکەش بەو ژنانەی کە بەدەستی رەشی ئایین و**
**چەقۆی کولتورەکەیقوربانی کراون**

**رەسوول سەفەریانی**
safaryani@yahoo.se

**چەپەڵ دڵ و دەس خوێناوی**
**بەدەستێکیان پەرتوکێکی هەڵپرتوکاو**
**بەویتریش شمشێرێکی کۆنی دوودەم**
**پەیتا پەیتا**
**بالآی ژین و هەمو بوونێ**
**بەو پەرتوکە قیاس ئەکەن**
**لەبیرم دێ بە خوێن هاتن**
**کفن تەنیا دیاریان بوو**
**دارەکانیان هەموو برِی و**
**سێدارەیان پێ ساز ئەکرد**

**لەو رۆژەوە تۆیان کردە داری تاوان**
**بەرو بارت بوو بە عەیبە و**
**بەدیاریەکای دەستی خۆیان پێچرایتەوە**

**لەودەمەوە خەڵفی بالآت**
**نەمامێکە و**
**لە چاڵۆکەی درِندەگی دەچێندرێ و**
**دڵی رەقیان دەهاوێنە بەژنی پاک و ئاوێنەییت**
**منیش لەگەڵ**
**ئەم هەزار و چەن سەد خولەی گۆی زەویا**
**خولاومەتۆ و**
**لەگەڵ گشتان**
**دانە دانە**
**تەوقەی بەردم تام کردووە و**
**لەگەڵ مەرگی هەرکامێکتان**
**مردنێک و، دیسانەوە....دیسانەوە....**
**ئەورۆ بەقەد**
**بەردەکانی حەوادراو**
**لەم تەمەنە درێژەدا**
**رقم پێیە، رقم پێیە**
**بۆ ئەو خێڵی خۆرەی ژنە**

**ئەی ئاوێنە خاوێنەکان**
**ئەو شریخەی شکانەتان**
**زڕەی زەنگی دواکەوتوویی کاروانێکە**
**بەقەیرایی پازدە سەدە**
**خێڵی کفن لێدەخوڕن بە وشتری بیریانەوە**